**راگەیاندنی ژمارە 19ی سکرتاریەتی کۆمەڵە**

# ناڕەزاییەکانی خەڵکی کوردستان شاری تکابی گرتەوە

**تکاب**

**رۆژی دوشەممە 17ی گەلاوێژ خەڵکی شاری تکاب بۆ هاوپشتی لەگەڵ شارەکانیتری کوردستان کۆبوونەوەی ناڕەزاییان ساز کرد و بەشێك لە دوکان و بازاڕەکانی ئەو شارەیان داخست. هێزەکانی رژیم هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی خەڵك، بەڵام لەگەڵ خۆڕاگری خەڵك بەرەوروو بوون.**

**ئەمڕۆ سێشەممەش کۆبوونەوە و ناڕەزایی خەڵك درێژەی هەبوو و هەتا ئێستا کۆمەڵێك لە خەڵك گیراون و هێزێکی زۆری رژیم لەو شارە جیگیر بوون. خەڵکی ئازەریش هاوپشتی خۆیان بۆ برا کوردەکانیان دەردەبڕی.**

**مەهاباد**

**ئەمڕۆ هەیئەتێکی کۆماری ئیسلامی کە پێك هاتووە لە کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی مەجلیسی شورای ئیسلامی و چەند وەزارەتخانە، بە هێلیکۆپتێر گەیشتنە شاری مەهاباد و رایانگەیاند لەگەڵ نوێنەرانی بازاڕیانی مەهاباد، نووسەران و خەڵکی ئەو شارە گفتوگۆ دەکەن.**

**لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە فەرمانداریی مەهاباد ساز درا، نوێنەرانی خەڵك زۆر بە توندی کردەوەکانی هێزە نیزامییەکانی رژیمیان مەحکوم کرد و جەختیان کردە سەر داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. تەنانەت راشکاوانە بە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییان راگەیاند کە پێویستە لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران گفتوگۆ بکەن. نوێنەرانی رژیم بە روونی وەڵامی هیچکام لە داخوازییەکانیان نەداوە و تەنیا وتیان، لە داهاتوودا وەڵام دەدەنەوە.**

**تاران**

**بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتووە، دوێنێ 17ی گەلاوێژ، کوردەکانی نیشتەجێی ناوەندی ئێران، لە تاران، کۆبوونەوە و پشتیوانییان لە بزووتنەوەی ئەم دواییانەی کوردستان کردووە و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە دەربڕی.**

**کرماشان**

**بە پێی هەواڵێك کە لە شاری کرماشانەوە بە ئێمە گەیشتووە، رۆژی دووشەممە 17ی گەلاوێژ پاش ئەوەیکە 90 کەس لە دەسگیرکراوەکانی ناڕەزایی دەربڕینی شاری جوانرۆ رەوانەی زیندانی**

دیزڵئابادی شاری کرماشان کران، 4 کەس لە گیراوەکان، هەوڵی دەرباز کردنی خۆیاندا. لەم 4 کەسە، 3 کەسیان دەرباز بوون، بەڵام بە داخەوە ئەوی‌تریان لە سەر دیواری زیندانەوە کەوتە خوارێ و گیانی لەدەستدا. ناوی دوو کەس لەو کەسانەی کە توانیوانە خۆیان دەرباز بەکەن، بریتین لە محەممەد رەزا جەلیلیان و جەلیل کورد. هەر بە پێی هەواڵێکی‌تر لە کرماشانەوە، لە کۆبوونەوەی ناڕەزایی دەربڕینی دوێنێ و پێرێی گەڕەکی فەرهەنگییانی کرماشان، خەڵکی ناڕازی دروشمی نان، کار، ئازادی‌یان داوە.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**18ی گەلاوێژی 1384ی هەتاوی**
**9 ئاگۆستی 2005ی زای**

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)31384**99
Mobile: **009647701515134**